# حوکمی گرتنی وێنە بۆ یادگاری

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم اقتناء الصور الفوتوغرافية للذكرى

« باللغة الكردية »


فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی گرتنی وێنە بۆ یادگاری

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** السلام علیکم، ئایا دروستە کەسێك وێنەی خۆی بگرێت و بۆ یادگاری هەڵی بگرێت لەناو ئەلبومدا ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

یەکەم : سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین ئەو وێنەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نەفرینی کردووە لە وێنەگرەکەی وای نابینین ئەو وێنە گرە بێت کە ئێستا بەم ئامێرە نوێیەی وێنەگرەکان دەیگرن، وەك شێخ محمد بن صالح العثیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە فەتوایەکیدا ئاماژەی پێداوە .

دووەم : ئەو وێنەیەی کە حەرام و یاساغە وینەی گیان لەبەرانە، ئەگینا کێشانی وێنەی بێ گیان وەك کێشانی وێنەی دیمەنی شاخ و سەوزایی و کانی و ڕوبار بەدەرە لە مەسئەلەی یاساغی و حەرامی .

سێهەم : وێنەگرتن لەبەر زەرورەت و پێویستی کاروباری مامەڵەی دوائرەکانی حکومەت وەك دەرهێنانی پێناس و ڕەگەزنامە و

جەواز سەفەر و مۆڵەتی شۆفێری و ناسینەوە دۆرزینەوەی تاوانباران وهاوشیوەکانی بەهەموو شێوەیەك ڕێگە پێدراوە و بەگرتنی وێنە بۆ ئەم جۆرە مامەڵانە مرۆڤ ناکەوێتە بەر ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم )لە فەرموودەکانیدا کردوونی لەو وێنەگران و ئەو کەسانەی وێنە دەگرن .

چوارەم : وێنەگرتن بۆ مەسئەلەی یادگاری و هەڵگرتنی لە ئەلبومەکاندا زانایانی سەردەم ڕایان جیاوازە :

ڕای یەکەم :ڕای هەریەك لە شێخ عبد العزیز بن باز وشێخ محمد بن صالح العثییمین ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) و لیژنەی هەمیشەی بۆ فەتودان ولێکۆڵینەوەی زانستیەکان کە پێیان وایە دروست نییە مرۆڤ بۆ یادگاری وێنەی فۆتۆگرافی بگرێت و هەڵی بواسێت یان لەناو ئەلبومەکاندا بۆ یادگاری هەڵیان بگرێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەفەرموودەیەکیدا فەرموویەتی : « لایدخل الملائکة بیتا فیها صورة » [ ] واتا : فریشتە ناچێتە ماڵێکەوە کە وێنەی تێدا بێت.

ڕای دووەم : ڕای هەریەك لە شێخ سید سابق، وشێخ الشعراوي و شێخ نجیب المطیعي و شیخ محمد الحسن الددو الشنقیطي، ـە کە پێیان وایە ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) کردوونی لە وێنەگران شمولی وێنەی فۆتۆگرافی

ناکات، چونکە ئەم وێنەیەی کە بەم ئامێرانەی ئەم سەردەمە دەگیرێن زۆر جیاوازن لەو وێنانەی لەو سەردەمەدا هەبوون، چونکە وێنەگر تەنها ئەو وێنەیە دەگوازێتەوە کە خوای گەورە خالق و بەدیهێنەریەتی، بە پێچەوانەی ئەو وێنانەی کە مرۆڤەکان بەدەست وپەنجەی خۆیان بە پێنوس و ڕەنگەکان کێشاویانن .

ئێمەش وەك خۆمان وای دەبینین کە مرۆڤ بۆ سەلامەتی دینەکەی لەبەر زەرورەت و پێویستی نەبێت وێنە نەگرێت.

خوای گەورەش زاناترە ..